ناساندنی کتێب: هەڵۆ بەرزنجەیی




دەمێکی درێژە بێدەنگی باڵی قورسی بەسەر پرسی کورد لە ئەڵمانیادا کێشاوە. ساڵانێکی زۆرە، بەرهەمێک لەم وڵاتەدا لەمەڕ کوردانەوە بڵاوناکرێتەوە.لەم ئەوروپایەشدا کێشەی کورد بە جۆرێکی دیکە قوربانی هەمان سیاسەتی درێژە پێدراوی داگیرکەرانی کوردستانە. نە بەفەرمی دەناسرێت و نە بڕگەیەک لە ئەجینداى زلهێزەکانی جیهان پێکدێنێت.

ئیمڕۆ پێدەچێت ساتەوەختی رووخاندنی ئەو دیواری بێدەنگی و دادڕینی پەردەی فەرامۆشییە هاتبێتە پێشێ. بەڵێ لەرووبەری فراوانی ئەڵمانیای

82 ملیۆنیدا دۆست و لایەنگری کێشەکەمان هەن و دەیانەوێ هاوبەشی خۆشی و ناخۆشی ژیانمان بن. هێشتا کەسانێک هەر پەیدا دەبن بە کون و قوژبنەکانی مێژوودا سەراسوێی بکەن و بە دووی فاکت و هۆکارەکانی مەینەتی و تڕادیدیای گوزەرانی داگیرکراوی و دابەشکراوی کورد و کوردستاندا عەودالْ بن. تاک و تەرایەک ماون ئامادەبن ژیانی خۆیان تەرخانی خزمەتی میللەتانی بندەست و بەشخوراو و مرۆڤە مەینەتبەشەکان و دادپەروەری و حەق و راستی بکەن.

بڵاوبوونەوەی کتێبی:

## کوردستان

ولاتێکی بەبارمتەگیراو

چارەنووسی گەلێکی کەولکراو

لە لایەن ***خاتوو د. هەنەلۆرە کویشلەر*** وە،بەڵگەی سەلماندنی بۆچوونەکانمانە.

ئەم بەرهەمە لە دوو توێی 1086 لاپەڕەدا و بە دوو نەخشەی کوردستان لەناوەوەی بەرگی پێشەوە و پاشەوەی کتێبەکەدا رازێندراوەتەوە. لە ناوەراستیشدا 68 لاپەڕە هەن بە نەخشەی جۆراوجۆری کوردستان و کەسایەتییە سیاسی و مێژوویی و فەرهەنگییەکانی و دیمەنی ناوچە و سروشتی کوردستان و هەندێک دیکۆمێنتی تاوانەکانی داگیرکەرانی کوردستان بەدیار دەخەن. هەروەها وێنەی هەندێ شار و دەڤەری کوردستان. لەم ریزبەندییەشدا زانای سۆسیۆلۆژی تورکی دۆستی کورد ئیسماعیل بێشکچیش جێگەدەگرێت. وەک بەرهەمێکی زانستی ئیندێکسێکی وەک پاشکۆ هەیە و پشتی بە کۆمەڵێ سەرچاوە بەستووە.

دیزاینی ئەم کتێبە لە لایەن  مەحمود کۆڤانەوە کراوە و لە بەرلین G K T چاپی کردووە.

نووسەر بەم شێوە دەروازەی باسەکانی ناو کتێبەکەی بۆ خوێنەران دەکاتەوە:

**لەم کتێبەدا  پرسێکی مێژوویی ،جوگرافیایی و سیاسی نائاسایی ئالۆز دەخرێتەبەرباس.**

نووسەر ئەم راستییانە دەکاتە پێوەر ، بۆیەکا زیرەکانە پانۆڕامایەکی مێژووی 100 ساڵەی رابردووی کورد لەدوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە هەتا هەنووکە دەکات.

دوای شەن و کەوکردنی کاریگەریی نەرێتی سیاسەتی نێودەوڵەتی و هەڵنەکەوتنی چانسێ بۆ چارەسەری یەکێ لە گەورەترین کێشەکانی جیهان و رۆژهەڵاتی ناوین دەگاتە راستییەک و دەڵێ:

**کێشەکە وابەستە نییە بە کەماسی رابوون و خەباتی کوردەوە، کوردان قوربانییەکی بێشوماریان داوە،بەڵکو پەیوەستە بە باڵادەستی و بەهێزی خاوەن دەوڵەتەکانەوە.**

نوسەر باسی شاری موسڵ وەک شارێکی کوردی دەکات.

خاتوو کویشلەر... باس لە چەند نموونە و بڕیار و پشتیوانییەکی نێودەوڵەتی دەکات وەک کێشەی کۆسۆڤۆ ، کە ئەمەریکا و تورکیا لەبەرایی ئەو وڵاتانە بوون دانیان پێدانا. شەڕ و هەرای رووسیا و گورجستان لەسەر ئوسێتەکان و ئەبخازییەکان...

لێرەدا دەیەوێت ئەوە بسەلمێنێ گەر  ناوەندە جیهانییەکانی بڕیار هەلومەرجیان نەڕەخساندبایە، وا ئەو کێشانە بە سانایی چارەسەر نەدەبوون. لە لایەکی دیکەشەوە دەوێت لە سیاسەتی دووفاقی و دوو

روویی زلهێزەکانی دنیا بدوێ کە سیاسەتی بانێکە و دوو هەوا پیادە دەکەن. لەم رووەوە بەرانبەر بە پرسی نەتەوەی کورد و خاکی کوردستان نە گەشتوونەتە ئاستی بڕیار یان پشتیوانییەکی نێودەوڵەتی بە فەرمی بۆ چارەسەرکردنی ئەو پرسە گەورە و ئالۆزەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

دوای پێشکەشکردنی پانۆڕامایەکی چڕوپڕی مێژووی مەرگەساتی کورد دەربارەی هەنووکەش دەڵێ: **لەسەرەتای سەدەی 21یەکەمیشدا بارودۆخی کوردان ـ سەرباری پەلاماری ئەمەریکا و رووخاندنی رژێمی سەددام لە عێراق ـ هێشتا بە بارمتەگیراوی ، وەک ئەوەی لەسەدەی بیستەمدا گوزەرانیان هەر ماوە .**

لە شوێنێکی دیکەی پێشەکی کتێبەکەیدا دەربارەی خۆی دەنووسێ:

**بەشێکی گەورەی خوێندنی زانستی کۆمەڵایەتیم تەرخانی دیاردەی بیروڕای گشتی کردووە.** هەر لەم روانگەیەوەیە خاتوو کیوشلەر رووی لە کەسانی نا کورد دەکات و دەڵێ: **ئەگەر تۆ سیمپاتیت دەرهەق بە پرسی کورد لە مێژووی سیاسی بارودۆخی ئێستایدا هەیە، مەسەلەکەیان بە رەوا دەبینی و دەبێ پەلەی لێ بکرێت، ئیدی هەر بیروڕا دەربڕینێک بەم ئاڕاستەیەدا ، لە چوارچێوەیەکی بچکۆلەدا و لە نێو دۆستاندا یاخود بەفەرمی گرنگ و پڕ بەهایە.**

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت خاتوو کیوشلەر تا چ ئەندازەیەک بە پەرۆشە و چەند بە هیوای ئەوەیە تاقە دەربڕینێک یان هەڵوێست نواندنێک بۆ پشتیوانی لەو پرسە رەوایەی کورد مایەی دڵخۆشی و جێی بایەخی ئەوە.

خوێندنەوەی ئەم بەرهەمە ناوازەیە دەبێتە مایەی دروستبوونی تێڕوانینێکی جددیتر بەرانبەر بە پرسی کورد.

وێڕای دەستخۆشی لە خاتوو د. کویشلەر بۆ ئەو خزمەتە مەزنە پێشکەشی بە گەلەکەمان کردووە ، بە هیوام لەشساغ و سەرکەوتوو بێت بۆ

بەردوامی و نموونەی لە نێو گەلی ئەڵمانیا و گەلانی دیکەی جیهاندا زیاد بێت.

هەر کەسێک ئارەزووی بەدەستهێنانی ئەم بەرهەمەی هەبێت، دەتوانێت لە ڕێگای حەواڵەکردنی نرخەکەی39،95€ بۆ سەر ئەم ژمارە کۆنتۆیە، دەمودەست کتێبەکەتان دوای گەشتنی پارەکە بۆ ڕەوانە دەکرێت.

GKT-Küchler u.Nebez GbR

Postbank

BLZ 10010010

Konto-Nr.533938102

Steuernummer 24/403/60117

---

سەرنج: هەقی پۆستکردنی ئەم کتێبە لە نێو سنووری ئەڵمانیادا،لەگەڵ نرخەکەدایە. بۆ دەرەوەی ئەڵمانیا پێویستە€ 8،20 لەگەڵ نرخەکەیدا بنێردرێت واتە نرخەکەی دەبێتە 40،15€

تکایە لەپسووڵەی حەواڵەکردنەکەدا ناونیشانی تەواوی خۆتان بە دروستی بنووسن.

سەرەتای ئایاری 2011 2711ی کوردی